

# له ئەدەبی فینلەندیەوە

میرکا ڕیکۆللا
وەرگێران لە فەڕەنسیەوە: خسرۆ پیریال ـ فینلەندە

**میرکا ریکوللا ژنە شاعیرێکی فینلەندی یە. لە سالی ١٩٣١ لە دایک بووە، لە سالی ١٩٥٤وە دەستی داوەتە نووسین و بلاوکردنەوە وە ئەم نووسەرە گەلێک شیعری جوانی هەیە و خاوەن ڕێچکەیەکی تایبەتیە لە ناو نووسەر و شاعیرانی تری فینلەندی.**

## شیعرەکان

ـ١ـ

ژیانم وەکو ئەم بەستەڵەکە دوور و درێژە بەردەوامە
وەکو بەلەمێکی بچکۆلانە خۆم گەیاندە ئەم دەربەندە
تەنیا و بایەکی سپی، بێزاریەکی سەوز هاوسەرمن
خێرا خێرا لە گەل خۆیانمیان پێچایەوە.

ـ٢ـ

لە کۆتایی ئەم کۆلانەوە
دار سنەوبەرێکی شەرمن چێنراوە
هەر لە یەکەمین ژووان وورده وورده گەورە دەبێت و
گەشە دەکات
هۆز دولبەرەکەم گوێت لێیە ؟
لەو کاتەوە هەموو شتێکی ژیانم ئارامە.. بێدەنگە.

ـ٣ـ

هەردووکمان پێکەوە
لەم لێوارە خەمبارەدا وەکو دوو کونە لووت!
وەک ڕۆژێکی بێدەنگی دەریاوانەکان لاتەکانمان بە
سەردەچن...

ـ٤ـ

سەر بە سەر وەنووساو پێکەوە
دەگەڕێین و نەخشەیەک بدۆزیتەوە و
دیسانەوە ژووام بگریتەوە.

ـ٥ـ

حیکایەتی من و ئەم قەدەرەش
هەروەک گیا لە گەڵ خۆڵ تێکشالاون
ژیانیش پێمەوە وەنووساوە
هەروەک گیا بە خۆڵەوە
منیش دەیلێم و دەیلێمەوە
ئیتر چیتر ئەم شوێنە ناکەمە مەنزڵی خۆم
چیتر ناگەڕێمەوە.

ـــــــ

**سەرچاوە:**

- Poesie etprose de Finlande 989- Helsinki, Texte Mirkka REKOLA